KURDISTAN

زانیاری لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە

لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ٣٠ پرسیارەوە

ئامادەکردنی: نەوزاد سالّح

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

زانیاری لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە

لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ٣٠ پرسیارەوە

ئا: نەوزاد سالّح*

پێداچوونەوەی یاسایی: پارێزەر ئارام سالّح محەمەد

پێشەکی:

بە باشمانزانی لە دەقی چەند پرسیار و وەڵامێکدا ئەم سەرنج و زانیارییانە لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بخەینە بەر دیدی خوێنەران، بەو هیوایەی خزمەتێک بێت بە پرۆسەکە.

پرسیاری یەکەم: بایەخی خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە چیدایە؟

- هەڵبژاردن، پرۆسەیەکی شارستانیی گشتیی چارەنووسسازە، ئامانج لە دەنگدان ئاڵوگۆڕی ئازادانەی دەسەڵاتە لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە، هەڵتەکاندنی ڕووبەری پشتاوپشت و هێنانە کایەی حوکمی نوێنەرایەتییە. هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی چەقبەستووی ناهەمواری سیاسیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیدایە و بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی زیاتر لە ساڵێکە کارەکانی زۆربەی دامەزراوەکانی ڕاگرتووە و پەرلەمان و حکومەت ماوە بەسەرچوون. بۆ ڕزگارکردنی حکومەت لە بۆشایی یاسایی و دەرچوون لەم قۆناغە و کەمکردنەوەی ئەو گوشارانەی لەسەریەتی، تەنها دەرچە کە شەرعییەت بگێڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم و قەوارەکەی، هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەردە کە چاوی دنیای دەرەوە و ناوخۆشی لەسەرە کە لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ ئەنجام دەدرێت، مەخابن لە ساڵی ١٩٩٢ەوە تائێستا پێنج خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچووە، هیچ یەکێک لەو خولانە لەوادەی خۆیدا ئەنجام نەدراوە.

پرسیاری دووەم: لە دەنگدان و هەڵبژاردن چی دەچنینەوە؟

– هەڵبژاردن جگەلەوەی مافی هەموو هاوواڵتییەکە دەنگی خۆی بدات و بەشدار بێت، ئەم لایەنە ئەرێنیانەشی هەیە:

١- بەشداریپێکردنی تاکە لە جووڵە و چالاکییەکی مەدەنیدا.
٢- ڕێگەیەکە بۆ پەیوەندییکردنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵێک دامەزراوەدا.
٣- ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونی تاکەکەسی و گروپ.
٤- دەنگدەر هەست دەکات بەشێکە لە پرۆسەکە و ئەرک و مافی خۆی جێبەجێ دەکات .
٥- باشترین میکانیزمە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات، دوور لە ڕێگەی تووندڕەویی.
٦- مەلانێیەکی دیموکراتیانەیە کە سندوقەکانی دەنگدان تیایدا دەبنە سەنگی مەحەک.

٧- تاک ڕۆڵی دەبێت لە پڕۆسەی سیاسی و گۆڕانکارییەکان و هەڵبژاردنی ئەو لیست و کاندیدانەی کە لەلای پەسەندە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

٨- بەهەڵبژاردن دەتوانین سیستمی حوکمڕانی راست بکەینەوە.

٩- دەرخستنی توانا و توانستی تاک بەرجەستە دەکات و دەرفەت دەڕەخسێنێت لەبەردەم هاووڵاتیاندا بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەی گشتیدا.

١٠- هەڵی کار دەرەخسێنێت بۆ هەزاران گەنج و لاوی وڵات لە پڕۆسەیەکی شارستانیدا.

پرسیاری سێیەم: بنەما یاساییەکانی ئەم پڕۆسەیە چیین؟

١- خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجام دەدرێت کە (٨) جار هەمواکراوەتەوە.

٢- پشت دەبەستێت بە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق ژمارە(٣١)ی ساڵی ٢٠١٩.

٣- یاسای پارتە سیاسییەکان ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠١٥.

٤- بڕیاری دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکانی عیراق ژمارە ٣٥٥ لە ٢٠ - ٥ - ٢٠٢٤.

٥- بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە ٨٣، هەردوو هاوتاکەی ١٣١و ١٨٥ - ٢٠٢٣.

پرسیاری چوارەم: ئەو کۆت و بەند و بەربەستانە چی بوون کە بوونە هۆکاری دواکەوتنی پڕۆسەکە؟

کۆت و بەندەکان بەشێکیان یاسایی و هەندێکیان هونەری بوون لەبەردەم پڕۆسەکەدا کە تێبینی و سەرنجی پارتەکانی لەسەربوو، کە بوونە هۆکاری دواخستنی پڕۆسەکە لەوانەش (تۆماری دەنگدەران، کورسیی کۆتاکان، هەمواری یاساکە، بازنەکانی هەڵبژاردن) بە ڕێککەوتنی کۆمسیۆن و دادگای فیدراڵی چارەسەرکران و هیچ بەربەستێک لەبەردەم پڕۆسەکەدا نەماوە، تەنها مەرجی بنەڕەتی کە دانراوە دەنگدەر پێویستە(کارتی دەنگدانی بایۆمەتری)ی هەبێت.

پرسیاری پێنجەم: بە چ بڕیارێک جوگرافیای هەرێم کراوەتە چوار بازنەی هەڵبژاردن؟

- بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە ٨٣ هەمواری ١٣١ و ١٨٥ /٢٠٢٣ هەرێمی کوردستان کراوە بە چوار بازنەی

هەڵبژاردن لەسەر ئاستی چوار پارێزگا کە هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە -ن.

پرسیاری شەشەم: ژمارەی کورسییە هەمیشەییەکانی پەرلەمان چەندن و کێبڕکێ لەسەر چەند کورسییە؟

- کورسییەکانی پەرلەمان ئێستا (٩٥) کورسی گشتین کە دابەشکراون بەسەر پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجەدا و ڕێژەی ٣٠ ٪ بۆ کۆتای ژنان دیاریکراوە (ئەگەر بەدەنگی خۆیان سەرنەکەوتن) واتە دەبێت لە نێوان سێ کاندیددا لە سێ براوەی لیستێکدا، یەکێکیان ژن بێت.

پرسیاری حەوتەم: کێ مافی سکاڵاکردنی هەیە لە پڕۆسەکەدا؟

ئەگەر هەر کارێکی نەشیاو بینراو هەستی پێکرا، هەریەکە لە دەنگدەران و بریکاری قەوارەکان، بریکاری هاوپەیمانییەکان، بریکاری کاندیدی سەربەخۆ، مافی سکاڵا کردنیان هەیە و دەستبەجێ دەتوانن فۆرمی سکاڵا ژمارە (١١٠) و زەرفی قەبارە (A4) لە بەڕێوەبەری بنکەی دەنگدان وەربگرن و پڕی بکەنەوە، پاشان بە سێ وێنە کە دوو وێنەیان دەخرێتە سندوقی سکاڵا و وێنەی سێیەمیش لای سکاڵاکار دەمێنێتەوە، مافی سکاڵا بۆ دەنگدەران تەنها لەو ناوەندەی کە دەنگدەرەکە دەنگی لێدەدات مافی سکاڵای هەیە.

فۆتۆ: حەمە عومەر

پرسیاری هەشتەم: کورسی پێکهاتە نەتەوەییەکان چەندن؟

لەم پڕۆسەیەدا بە بڕیاری دادگای فیدراڵی ژمارە (٨٣) تایبەت بەم پرسە و ڕۆژی ٢٠ - ٥ - ٢٠٢٤ دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکانی عیراق بڕیاریدا (٥) کورسی بۆ پێکهاتەکان بگێڕێتەوە و بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا دابەشی بکات، بەم شێوەیە دوو کورسی بۆ پێکهاتەی تورکمان، یەک کورسی لە سلێمانی، یەک کورسی لە هەولێر، سێ کورسیش بۆ پێکهاتەی کلد و سریان و ئاشوریی و ئەرمەن یەک کورسی لە سلێمانی، یەک کورسیش لە هەولێر و یەک کورسیش لە دهۆک، مەخابن کە ڕەچاوی پێکهاتەی کاکەییەکان لە هەرێمی کوردستان نەکراوە کە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردن.

هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی چەقبەستووی ناهەمواری سیاسیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیدایە و بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی، زیاتر لە ساڵێکە کارەکانی زۆربەی دامەزراوەکانی ڕاگرتووە و پەرلەمان و حکومەت ماوە بەسەرچوون.

پرسیاری نۆیەم: ئەو بنەمایانە چین کە ئاکار و ڕەفتاری تایبەت بە بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردن دەیانگرێتەوە؟

١- پێویستە ڕێز لە ماف و ئازادیی ڕادەربڕین و بەرنامەی قەوارە و پارتەکان و کاندیدەکان بگیرێت و پێکدادانی کۆمەڵایەتی ڕوونەدات.
٢- زەمینەی لەبار بۆ شوێن و کاتی بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردن بڕەخسێنرێت و گرفت نەهێنرێتە بەردەم بەڕێوەچوونی پڕۆسەکە.
٣- گیانی هاریکاریی لە نێوان قەوارە و کاندیدەکاندا هەبێت و سەکۆی گشتی ڕێگە پێدراو، شوێنی چالاکییەکان قۆرغ نەکرێت.
٤- دەبێت لە دووری دامودەزگا حکومییەکانەوە پۆستەر و ریکلامی قەوارە سیاسییەکان و کاندیدەکان هەڵبواسرێت.
٥- ژینگەی بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردن دەبێت لە کەشێکی دیموکراتی ئاساییدا بێت و هەوڵ بدرێت کەمترین بەریەککەوتن ڕووبدات، هەروەها پێویستە میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێت.
٦- لە ماددەکانی١٧ و ١٨ی پەیڕەوی هەڵمەتی هەڵبژاردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا، سزای سەرپێچی کاری دەستنیشانکردووە کەپێچەوانەی یاسا و ڕاسپاردەکانی کۆمسیۆن ڕەفتاری کردووە.

٧- پێویستە دوای تەواوبوونی پڕۆسەکە تیمە خۆبەخشەکان و تیمەکانی تری بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردنی قەوارە و کاندیدەکان سەرجەم پۆستەر و فلێکس و وێنە و کەرەستەکانی ریکلام لێبکەنەوە و شوێنە بەکارهاتووەکان خاوێن بکەنەوە.

پرسیاری دەیەم: گۆڕانکاری لە ئامێرە ئەلەکترۆنییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کاریگەریی لەسەر پڕۆسەکە دروست دەکات؟

- وێڕای ئەوەی کە ئەم پڕۆسەیە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراقەوە بەڕێوەدەچێت لە هەمان کاتیشدا یەکەمینجارە چەند ئامێرێکی ئەلەکترۆنی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێت کە ئەوانیش ئامێری (PCOS) پیکۆس)، (VVD) کە ئەرکی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگدان و هەردوو دیوی کارتی دەنگدانەکە کۆپی دەکات و دوای دڵنیایی لە دروستیی زانیارییەکان، وەڵامەکان و ئەنجامەکان دەنێرێت بۆ فلاشێکی(USB) بەستراو کە زانیارییەکان هەڵدەگرێت و دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕاپۆرتی ئەنجامەکانی وێستگەکە لە چەند خولەکێکدا دەدات بەدەستەوە، دواتر کۆی ڕاپۆرتی ئەنجامەکانی وێستگەکانی ناوەندی دەنگدان لە ڕێگەی ئامێری (RTS) ەوە دەنێرێت بۆ سەنتەری کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی داتاکان کە لە بەغدایە و لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا ئەنجامی بەرایی لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە ڕادەگەیەنرێت.

پرسیاری یازدەیەم: ڕێکارە دروستەکانی ململانێ و کێبڕکێی لیستەکان و پاڵێوراوەکان دەبێت چۆن بێت؟

- پێویستە قەوارەکان و پاڵێوراوەکان پابەندبن بە ڕێسا و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵاوە و پێش بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆمسیۆن نەکەون و پێشێلکاری نەکەن، هەتا سزای یاسایی وەرنەگرن، بەپێچەوانەوە دوور نییە سزاکە نەگاتە ئاستی دەرکردن لە لیست.

پرسیاری دوازدەیەم: مەرجەکانی بەشداریکردنی پاڵێوراوەکان چین؟

١- دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

٢- هەڵگری ڕەگەزنامەی عیراقی بێت.

٣- تەمەنی گەیشتبێتە (٢٥) ساڵ و مرۆڤێکی تەندروست بێت لەڕووی ژیرییەوە.

٤- بزانێت بخوێنێتەوە و بنووسێت.
٥- حوکم نەدرابێت بە تاوانی ئابڕووبەر و لەکەدار بە شەرەف و ئادابی گشتی و دەستپاکی .
٦- حوکم نەدرابێت بە بەندکردن بە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست یان دزیکردن .
٧- ناوی لە تۆماری بایۆمەتریدا هەبێت و کارتی بایۆمەتری هەبێت.
٨- بەشداریی نەکردبێت لەو تاوانانەی دەسەڵاتی پێشووی پاکتاوکەر.

ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکان بڕیار لەسەر ڕێژەی ئەندامانی پارێزگاکان دەدەن لە پەرلەمان

پرسیاری سیازدەیەم: ژمارەی پارت و قەوارە و هاوپەیمانییەکان چەندن؟

لەم پرۆسەیەدا (١٣) پارتی سیاسی و (٢) هاوپەیمانی بەشدارن لە کێبڕکێکەدا کە لەسەر (٩٥) کورسیی گشتی کێبڕکێ دەکرێت، پارتەکانیش ئەمانەن:

١- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (١٢٩)
٢- پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە (١٩٠)
٣- بزوتنەوەی گۆڕان ژمارە (١١٤)
٤- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان ژمارە (١٤٨)
٥- کۆمەڵی دادگەری کوردستان ژمارە (١٤٧)
٦- بەرەی گەل ژمارە (١٦٩)
٧- هاوپەیمانیەتی نیشتمانی کوردستان ژمارە (١٦٢)
٨- هاوپەیمانیەتی سەردەم ژمارە (١٦٤)
٩- هاوپەیمانیەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٣٣)
١٠- بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی ژمارە (١٢٣)
١١- جوڵاندنەوەی نەوەی نوێ ژمارە (١٥٧)
١٢- ڕەوتی هەڵوێستی نیشتمانی ژمارە (١٦١)

١٣- بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق ژمارە (١٩٨)

- هاوپەیمانی سەردەم کە ژمارە (١٦٤) ئەم لایەنانەن (پارتی پارێزگارانی کوردستان - پارتی ڕەنجدەرانی کوردستان - پارتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان)
- لیستی هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان کە ژمارە (١٣٣) بریتین لە (حزبی شیوعی، حزبی سۆسیالیست، حزبی زەحمەتکێشان).

پرسیاری چواردەیەم: قۆناغەکانی هەڵبژاردن چین و پارتەکان و هاوپەیمانیەتییەکان دەتوانن چەند پاڵێورا و دابنێن؟

قۆناغەکانی هەڵبژاردن بریتین لە:

١- قۆناغی ئامادەکاری کە دوو بنەمای سەرەکی هەیە:

ا- بنەمای یاسایی

ب- بنەمای هونەریی

٢- قۆناغی بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردن

٣- قۆناغی ئەنجامدانی پرۆسەکە

٤- قۆناغی کۆتایی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان

بەنیسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکەوە هەر پارت و هاوپەیمانیەتییەک بەپێی پەیڕەوی تۆمارکردن و پەسەندکردنی پاڵێوراوان ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠٢٤ کە کۆمسیۆنی باڵا دەریکردووە دەتوانێت ژمارەی پاڵێوراوانی دووهێندەی ژمارەی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکان بێت و نابێت زیاتربێت.

فۆتۆ: حەمە عومەر

پرسیاری پازدەیەم – خەسڵەتەکانی چاودێر و بریکاری قەوارەی سیاسی چین؟

١- پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن

٢- بابەتیانە لە کێشەکان بڕوانێت

٣- وردبێت لە هەڵسوکەوتدا

٤- سەربەخۆ ڕەفتار بکات

پرسیاری شازدەیەم: پەیام و دروشمەکانی بانگەشە و کەمپینی هەڵبژاردن دەبێت چی لە خۆ بگرێت؟

پەیامی هەڵبژاردن دەبێت هەڵێنجاوی بناغەی گوتاری سیاسی بێت، هەموو پەیامێکی ڕاستگۆیانەی پارت و بەربژێرەکان ئەنجامێکی سەرکەوتوانەش دەدات بە دەستەوە کە پێویستە ناوەڕۆک و ئەرزشێکی مانادار و کاریگەر لەخۆبگرن، ئامڕازەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردن دەبێت هەمەجۆر و کاریگەربن و هەموو شوێنەکان بگرێتەوەو ئامڕازە پێشکەوتوەکانی پەیوەندییکردن بەکاربهێنێت کە کاری کاندیدەکان ئاسانتر دەکەن.

لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ٣٠ پرسیارەوە

١- پەیامی کەمپینی هەڵبژاردن دەبێت ئەم سێ ڕەگەزەی تێدابێت(کورت - پوخت - مانادار) بێت.
٢- ئەگەر بەشێوەی ڤیدیۆ یان دەنگی تۆمارکراو بوو لە یەک خولەک زیاتر نەبێت و مەبەست بپێکێت.
٣- هەستی جەماوەر بجوڵێنێت کە دەنگدەدەن.
٤- ڕاشکاو بێت و جیاواز بێت لە پەیامی نەیاران.
٥- ڕوون بێت و زاراوەی بێگانە و تەمومژاوی تێکەڵ نەبێت.
٦- دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەبیری دەنگدەردا بمێنێتەوە.
٧- دروشمەکانیش لەئاستی جێ بەجێکردندابێت و نزیک بێت لە وەڵامدانەوەی خواستی خەڵک، بەهەمانشێوە ڕاستگۆیانە و متمانە پێکراو بێت.
٨- ئەگەر بەشێوەی فلێکس پەیام و دروشمەکان ئامادەکرابوو، پێویستە بە هێڵێکی گەورە نووسرابێت و لە شوێنێکی گونجاودا دابنرێت.
٩- دەبێت دروشمەکان ڕەنگدانەوەی لەناو بەرنامەی کاری لیستەکەدا بێت کە ڕاگەیەنراوە بۆ هاووڵاتیان و کاتێک ڕۆیشتە دەسەڵات جێ بەجێی بکات.

پرسیاری حەڤدەیەم: چەند پارت و بەربژێر و هاوپەیمانییەتی لەم هەڵبژاردنەدا بەشدارن؟

لەم پرۆسەیەدا (٩٥٠) پاڵێوراو لەسەر ئاستی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێم بەشدارن و دابەشکراون بەسەر؛

- بازنەی هەولێر کە (٣٥٠) پاڵێوراو،
- بازنەی سلێمانی (٤٢٤) پاڵێوراو،
- بازنەی دهۆک (١٧٧) پاڵێوراو،
- بازنەی هەڵەبجە (٤٤) پاڵێوراو،

لیستی هاوپەیمانیەتییەکانیش لەسەر ئاستی هەرچوار پارێزگا کە (١٢٣) پاڵێوراوی لە خۆگرتووە بەم شێوەیە؛

- بازنەی هەولێر (٤٠) پاڵێوراو،
- بازنەی هەڵبژاردنی سلێمانی (٥٥)

- بازنەی هەڵبژاردنی دهۆک (١٩)
- بازنەی هەڵبژاردنی هەڵەبجە (٩) پاڵێوراو.

تێبینی:

ئەم ژمارانە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت چونکە بە بڕیاری کۆمسیۆن چەند پاڵێوراوێک دوور دەخرێنەوە.

پرسیاری هەژدەیەم: بە کام سیستمی هەڵبژاردن کورسییەکانی پەرلەمان یەکلایی دەکرێتەوە؟

بە سیستمی هەڵبژاردنی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی کورسییەکان یەکلایی دەکرێتەوە کە گۆڕینی دەنگی ڕاستی بەدەست هاتووی بازنەکان بۆ کورسی بە شێوازی هێر - نمایەر دەبێت کە لە بەرژەوەندیی لیستە بچووکەکانە چونکە لە قۆناغی دووەمی دابەشکردنی کورسییە دابەش نەبووەکاندا (باقی الاقوی) زۆرترین دەنگی ماوە لە بەرژەوەندیی ئەوان دەبێت.

پرسیاری نۆزدەیەم: ئەو سکاڵایانەی لە پڕۆسەکەدا پێشکەش دەکرێن چەند جۆرن؟

١- سێ جۆر سکاڵا هەیە کە بریتین لە (سکاڵای سەوز، زەرد، سوور)

سکاڵای سەوز و سکاڵای زەرد کاریگەریی ئەوتۆیان نییە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بەڵام سکاڵای سوور پەیوەندیی بەسەرپێچییەوە هەیە و مەترسیدارە و کاریگەریی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دروست دەکات، ئەگەر پشتڕاست کرایەوە.

٢- دوای دووبارە جیاکردنەوەی دەنگەکان لە بنکەی سەرەکی کۆمسیۆن، ئەگەر سکاڵای سوور هەبوو ئەوا قرتێلەی سوور دەدرێت لەو سندوقانەی کە سکاڵایان لەسەر کراوە و ئەگەر دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان جیاوازیەکە لەو ڕێژەیە زیاتر بوو کە یاساکە دیاریکردووە، ئەوا دەنگی تەواوی ئەو سندوقە دەسوتێت.

پرسیاری بیستەم: خاڵە ئەرێنیەکانی فرەبازنەیی چین بە بەراورد بە یەک بازنەیی؟

فرە بازنەیی کە جیاوازیەکی ئەو تۆی لەم خولەدا دروستکردووە ئەم کەڵکانەشی هەیە:

١- زامنی نوێنەرایەتی جوگرافی بەپێی پارێزگاکان دەکات.

٢- هاوسەنگی هێز لە پەرلەمان دروست دەکات.

٣- لارە سەنگی و نادادی کورسی پارێزگاکان چارەسەر دەکات.

٤- ژمارەی بەشداربووانی دەنگدەر کاریگەریی ناکاتە سەر پڕۆسەی هەڵبژاردن.

٥- هیچ پارێزگایەک ناتوانێت مافی پارێزگایەکی تر دەرباز ناکات.

٦- ئاستی ململانێی کادری پارتەکان دەباتە ئاستێکی بەرزتر.

٧- دەرفەت دەداتە کەسایەتی بێلایەن و سەربەخۆ و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

٨- ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکان بڕیار لەسەر ڕێژەی ئەندامانی پارێزگاکان دەدەن لە پەرلەمان .

٩- لەڕووی خەرجی و دارایی و کاتەوە بۆ پاڵێوراوان تێچوو کاتێکی کەمتری دەوێت بۆ پروپاگەندەو ڕیکلامی هەڵبژاردن، چونکە پاڵێوراو تەنها لە سنووری یەک پارێزگا یان یەک بازنەی هەڵبژاردن پروپاگەندە دەکات.

پرسیاری بیست و یەکەم: پڕۆسەکە هەر لە هەرێم ئەنجام دەدرێت یان دەنگدەرانی تاراوگەش دەگرێتەوە؟

تەنها دەنگدەرانی ناو هەرێمی کوردستان مافی بەشداربیکردن و دەنگدانیان هەیە، هەرچەندە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە کە دەنگدەرانی دەرەوەی هەرێمیش مافی دەنگدانیان هەیە، بەڵام لەم پڕۆسەیەدا ئەو دەرفەتە نەرەخسا، لەبەرئەوەی کوردانی تاراوگە نەبوونەتە خاوەنی کارتی بایۆمەتری وێنەدار، کە ئەمەش یەکێکە لە مەرجەکانی بەشداربیکردن لەم پڕۆسەیەدا.

پرسیاری بیست و دووەم: ئەو کەسانەی کە ڕێگەپێدراون بۆ چوونە ناو بنکەکانی دەنگدان کێن؟

١- دەنگدەران

٢- کارمەندانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

٣- کارمەندانی کاتیی کۆمسیۆن کە بۆ وێستگە و بنکەکانی دەنگدان ئەرکیان پێ سپێردراوە لەو پڕۆسەیەدا.

٤- تیمەکانی (un) و پاسەوان و وەرگێڕەکانیان.

٥- بریکاری پارتەکان و کاندیدە تاکەکەسیەکان و هاوپەیمانیەتییەکان.

٦- چاودێرانی ناوخۆ و نێودەوڵەتییەکان کە باجی ڕەسمیان پێ بێت و پاسەوان و وەرگێڕەکانیان .

٧- نوێنەری دەزگاکانی میدیا و ڕاگەیاندن بەبێ کەرەستەی ڕۆژنامەوانی، جگەلەوانەی کە کۆمسیۆن باجی چوونە ژوورەوەی بۆ کردوون.

٨- کارمەندانی هێزەکانی ئاسایش لە بارودۆخی پێویستدا.

پرسیاری بیست و سێیەم: لە ئەگەری هەڵسوکەوتی ئەنجامدانی نەشیاوی پالێوراو، یان بریکاری پارتەکان چی دەبێت؟

پالێوراو سەربەخۆبێت یان سەربە هەر قەوارەیەک بێت بۆی نییە بچێتە ناو وێستگەکانی دەنگدان مەگەر خۆی لەو وێستگەیە دەنگ بدات، خۆئەگەر سەرپێچی بەدی کرا، پێویستە بەڕێوەبەری وێستگە دووجار کەسەکە ئاگادار بکاتەوە، ئەگەر بەردەوام بوو لە تێکدانی دۆخەکە و پێشێلکردنی بنەماکانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتکردن، بەڕێوەبەر دەتوانێت وێستگەکەی پێ جێبهێڵێت و لە تۆماری خۆیدا ڕووداوەکە تۆمار دەکات.

پرسیاری بیست و چوارەم: ئەوانەی کە دەتوانن دەنگ بدەن و بەشدارن کێن؟

هەموو ئەوانەی کە ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمارکراوە و تەمەنیان (١٨) ساڵی تەواو کردووەو هاوواڵاتی کوردستانی عیراقن و بایۆمەتریان کردووە دەتوانن دەنگبدەن، لەم خولەدا (٢٨٩٩٠٦١)کەس ناویان لە تۆماری دەنگدەرانی بایۆمەتریدا تۆمارکراوەو لە کۆی ئەو ژمارەیە، ٢٦٨٢٩٤٢ دەنگدەریان مافی ئەوەیان هەیە لەڕۆژی دەنگدانی گشتیدا، دەنگ بدەن.

و ٢١٦١١٩ دەنگدەریش لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەتدا دەنگ دەدەن، ٤٨ سەعات پێش ڕۆژی دەنگدانی گشتییە و تایبەتە بە دەنگدەرانی هەریەکە لە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش - پێشمەرگە - بەرگریی و فریاکەوتن - زێرەڤانی - سوپا - کارمەندانی نەخۆشخانەکان و بەندیخانەکان - بەندکراوەکان و حوکم دراوەکان.

پرسیاری بیست و پێنجەم: چی ئەم هەڵبژاردنە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو جیا دەکاتەوە؟

بەڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە هاتوونە پێشەوە پڕۆسەکە ڕێژەیەک جیاوازی لە خۆگرتووە لەوانە:

١- ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان لە ١١١ کورسییەوە کەم کراوەتەوە بۆ ١٠٠ کورسی.

٢- بۆ یەکەمینجارە کۆمسیۆن لە هەموو وێستگەیەکدا دوو کامێرای چاودێریی جێگیرکردووە.

٣- نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) چاودێری پڕۆسەکە دەکەن.

٤- بازنەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان دابەشکراون.

٥- لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراقەوە پڕۆسەکە بەڕێوەدەبرێت .

٦- ئامێری ئەلیکترونی پێشکەوتوو لە پڕۆسەکەدا بەکار دەهێنرێت.

٧- بۆ دڵنیایی لە دەرئەنجامی پڕۆسەکە هەژمارکردنی دەنگەکان بە ئەلیکترۆنی و دەستیش دەبێت.

٨- دەنگدەر دەبێت خاوەنی کارتی نیشتمانی بێت، ئەگەر دەری نەهێنابوو پێویستە پاسپۆرت یان ڕەگەزنامەی عیراقی پێ بێت.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕاستەوخۆ دوای ٢٤ سەعات لە تەواوبوونی پڕۆسەکە ئەنجامی بەرایی ڕادەگەیەنێت، دوای یەکلاییکردنەوەی سکاڵا و تانەکانیش دادگای باڵای فیدراڵی کۆتا ئەنجامی هەڵبژاردنەکە پەسەند دەکات.

پرسیاری بیست و شەشەم: دابەشکردنی ژمارەی کورسییەکان بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا چۆن کراوە؟

لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان، کۆی ژمارەی کورسیە گشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان کە ٩٥ کورسیە دابەشکراون بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردندا بەم شێوەیە:

- بازنەی هەڵبژاردنی هەولێر ٣٢ کورسی
- بازنەی هەڵبژاردنی سلێمانی ٣٦ کورسی
- بازنەی هەڵبژاردنی دهۆک ٢٤ کورسی
- بازنەی هەڵبژاردنی هەڵەبجە ٣ کورسی

پرسیاری بیست و حەوتەم: کەی بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردن دەست پێدەکات؟

دوو جۆر بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردن هەیە:

١- بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردنی یاسایی(شرعی)

لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وادەو ڕۆژ و کاتی بۆ دەست نیشان دەکات و بە ڕەسمی رایدەگەیەنێت.

٢- بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردنی نایاسایی (غیرشرعی.)

ئەم هەڵمەتە کاندید و قەوارەکان پێش بڕیاری کۆمسیۆن دەکەون و دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن پێش وادەی ڕەسمی، کە سەرپێچییە و سزای یاسایی لەسەرە. ئەم پرسە تایبەتە بە بڕیاری ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە، دوای پەسەندکردنی لیستی بەربژێرەکان ڕاستەوخۆ وادەی بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردن رادەگەیەنن کە ڕەنگە مانگێک بخایەنێت هەتا ١٥ - ١٠ - ٢٠٢٤ بەردەوام دەبێت، دواتر لە ١٨ - ١٠ - ٢٠٢٤ دا دەنگدانی تایبەت بۆماوەی ڕۆژێک ئەنجام دەدرێت.

پرسیاری بیست و هەشتەم: ناوی بەربژێرەکان لەلایەن چ دامودەزگایەکەوە پەسەند دەکرێن؟

پەسەندکردنی لیستی بەربژێرەکان پەیوەستە بە وەزارەتی ناوخۆ و دەستەی دەستپاکی عیراق، ئەمەش دوای بڕیاری دوورخستنەوەی ئەو بەربژێرانەی کە سەرپێچی یاسایی و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنیان کردووە، یان ئەوانەی کە یەکێک لەمەرجەکانیان تیانیە و ڕەتدەکرێنەوە، بە ڕێکەوتن لەگەڵ بەشی یاسایی کۆمسیۆن دوای وردبینی لیستی بەربژێرەکان رادەگەیەنرێن.

دیمەنێک لە دەنگدانی تایبەت - هەڵبژاردنەکانی پێشوو - فۆتۆ: هەمە عومەر

پرسیاری بیست و نۆیەم: لە چ کاتێکدا ڕێگە بە دەنگدەر نادرێت دەنگ بدات؟

کاتێک ڕێگە بەدەنگدەرنادرێت دەنگ بدات کە:

١- بایۆمەتری نەبێت و بەڵگەکانی تری ناتەوابن.

٢- ئەگەر ناوی دەنگدەر لە تۆماری کاغەز و ئامێری لێکۆڵینەوە نەبوو.

٣- پەنجەمۆری هاوشێوەی پەنجەی لەگەڵ پەنجەمۆری تۆمارکراوی نەبوو.

٤- ئەگەر دەنگدەر بایۆمەتریشی هەبوو بەڵام کارتی ئەلیکترۆنی کورت ماوەی هەبوو، کارتی بایۆمەتریەکەی وەرنەگرتوەتەوە، ڕێگای پێنادرێت.

٥- ئەگەر ئامێری لێکۆڵینەوە کارتی دەنگدەرەکەی نەخوێندەوەو ڕەتیکردەوە، واتە زانیاری کارتەکە سەربەو وێستگەیە نییە و ناتوانێت لەو وێستگەیە دەنگ بدات.

٦- ئەگەر پەنجەمۆری دەنگدەرەکە نەیخوێندەوە، ئەوا ٥ ٪ لە هەر وێستگەیەک دەتوانێت دەنگ بدات بە داخلکردنی بارکۆدی کارتی دەنگدانەکەی.

پرسیاری سییەم و کۆتایی: پەسەندکردنی دەرئەنجامی کۆتایی چۆن دەبێت؟

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕاستەوخۆ دوای ٢٤ سەعات لە تەواوبوونی پڕۆسەکە ئەنجامی بەرایی ڕادەگەیەنێت، دوای یەکلاییکردنەوەی سکاڵا و تانەکانیش دادگای باڵای فیدراڵی کۆتا ئەنجامی هەڵبژاردنەکە پەسەند دەکات.

*** ڕاوێژکار بۆ کاروباری هەڵبژاردن**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەری ٢٧٢٥ی کوردی = مای ٢٠٢٥ی زایینی

سپاس و پێزانین

بۆ کاک نەوزاد سالّح بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە بەنرخە.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی